# رووخسارو ئەزموون لە پیشانگایەکی فۆتۆگرافیدا

ئا/ کەیفی سابیر

پێنجەمین پیشانگای فۆتۆگراف لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٩/١٣ کە لە گەلەری کوردستان لەژێر چاودێری وەزیری ڕۆشنبیری ڕێزدار فەلەکەدین کاکەیی بۆ هونەرمەند (ئیسماعیل کوێستانی) کرایەوە.

هونەرمەند بەگوڕو تینێکی هونەری هاوچەرخ هاتبوو، وێنەی (٣٧) هونەرمەندی شاری هەولێری تێکەڵ بە کارەکانی کردبوو، هونەرمەندەکانیش ئەمانە بوون (حەسەن سیساوەیی، باکووری، وریا ئەحمەد، محەمەد ئەربیللی، شێرزاد سەرسپی، جان تۆماس، مستەفا ڕەووف، سابیر عەبدولڕەحمان، عارەب عوسمان، رووپاک عەبدولقادر، سوهام حەسەن، محەمەد تەیموور، موحسین محەمەد، عەبدولڕەزاق شەمسەدین، سەفوەت جەڕاح، فەرهاد شەریف، سەباح عەبدولڕەحمان، خەلیل یابە، عەلی ئەحمەد، سەلام کۆیی، فەیسەل محەمەد، محەمەد سەید، ئیبراهیم حەکیم، ئەنوەر عەزیز، ئەنوەر شێخانی، بەکر مەعروف، موئەیەد فەقێ، فەخرەدین تاهیر، سەلام عەدۆ، غازی غەفور، محەمەد عارف، حوسێن عەبدوڵلا، سولەیمان شاکر، دارا محەمەد عەلی، چەتۆ حەسەن، واحید مەرجان، جەوهەر محەمەد).

پیشانگاکە سێ تەوەرەی لەخۆ دەگرت. (مۆسیقا، شانۆ، شێوەکاری) ئەم کارانەی هونەرمەند وەک ڕێزلێگرتنێکە لەم هونەرمەندە

خاوەن ئەزموونانە لەم بوارانەدا بۆ گەشەکردن و بەرز ڕاگرتنی هونەری کوردی. دەربارەی پیشانگاکە هونەرمەند بەم شێوەیە دوا: ( بۆ یەکەمین جارە ئەم جۆرە پیشانگایە لە هەولێری پایتەخت نمایش دەکرێت و ئەم کارە بەهەوڵدانێکی هونەری مەیدانی تەواو بوو. نزیکەی ٦ مانگ خەریکی ئەم کارە بووم، کە توانیم گفتوگۆو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم هونەرمەندانە بکەم. دوای ماندووبوونێکی زۆر توانیم وێنەی ٣٧ هونەرمەند کۆبکەمەوە و بەتابلۆی شێوەکاریان بکەم. داوای لێبوردن لەم هونەرمەندانە دەکەم کە بەشدار نەبوونە، چونکە هەندێکیان لەدەرەوەی وڵات و هەندێکیان باری تەندروستییان تەواو نەبوو، هیوادارم توانیبم خزمەتێکی بچووکی ئەم هونەرمەندانە بکەم وەکو ڕێزلێنانێک. وێنەیەکی هونەرمەند پۆرترێت لەگەڵ چەند وێنەیەکی دیکەی کارەکانم بەشێوەیەکی کولاج بەتەکنیکی نوێ نمایشم کردووە، ئەم وێنانە ئەرشیفی هونەرمەندەکەیە لەگەڵ وێنەیەکی نوێی خودی هونەرمەندەکە ئەنجام دراوە.

بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری فەلەکەدین کاکەیی ئەم چەند پەیڤەی بۆ هونەرمەند تۆمار کردبوو (هونەرمەند ئیسماعیل کوێستانی هونەری کوردی بەشێوەیەکی تازەی داهێنەرانە دەوڵەمەند کرد، ڕێزلێنانی هونەری لە هونەرمەندو هونەرمەندە سەرکەوتوو ناسراوەکانی هەولێر کارێکی پیرۆزە، ئێمەش لە وەزارەتی ڕۆشنبیری پشتگیری دەکەین، بەتایبەتی بۆ بەدیهێنانی پێشنیارەکەی. ئەم پیشانگایە بکرێت بە ئەلبوومێک. ئومێدەوارین ئاواتەکەی بێتە دی).




چالاکییەکان:

* ١٩٥٨ لە مەخموور لەدایک بووە.
* ١٩٧٠ سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری
* ١٩٧٥ تۆمارکردنی گۆرانی (چاوباز) لە بەغدا.
* ١٩٧٦ نمایشی یەکەم پیشانگای شێوەکاری لە هۆڵی ئەیوبییە
* ١٩٧٨ ئۆپەرێتی ڕووباری ژیان
* ١٩٨٢ دوو گۆرانی لە TV کەرکوک (بەهار و لایدە گیانە) و ژمارەیەکی دیکەی چالاکی هونەری و ئێستاش مامۆستای هونەرە لەبەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر.

# لە ژمارەکانی داهاتوودا

| | |
|---|---|
| چیتر کۆتر مەگرییێن | حسام بەرزنجی |
| دیالۆگێک لە دیداری هێمنی گەورەدا | سوارە قەڵادزەیی |
| بەخۆداچوونەوەی خود لە چیرۆکی(ئاوێنە)ی.. | سەباح ئیسماعیل |
| ئەدەبی بەراوردکاری لەنێوان قوتابخانەی.. | فوئاد رەشید |
| بەشێکی تر لە عەشق | نامق هەورامی |
| باری ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێر | نووری پەترۆس |
| ژاک دریدا: زمان دژی زمان | و: رەسووڵ سوڵتانی |